# فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

## ستراتیژی کارکردن

**فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ستراتیژی کاردنی خۆی لە ژێر ڕۆشنایی یاسای ژمار (١)ی ساڵی ٢٠١١ی تایبەت بەرێکخراوە ناحکومییەکان، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسند کراوە، و هەروەها پەیڕەوی ژمارە(٤)ی تایبەت بەفەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کە پێکهاتە و ئەرك و بەرپرسیارێتی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دیاری دەکات و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسند کراوە، دا دەرێژێت.**

**یەکەم:** فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەوڵدەدات هانی گەشەکردنی کاری ڕێکخراوەی لەهەرێمی کوردستات بدات و زەمینەی لەبار بۆ ئەم مەبەستە لەڕێگەی پرۆسەی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی ئاسان و شەفاف برەخسێنێت، بەشێوەیەك کە تەواوی مادده و برەگەکانی یاسایی ڕێکخراوە ناحکومیەکان وەك خۆی جێبەجێ بکات.

**دووەم:** فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەوڵدەدات لەڕێگەی جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بەڕێکخراوە ناحکومییەکان، مەودای نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکان کەم بکاتەو و ڕێکخراوەکان بکات بەشەریکی ڕاستەقینەی حکومەت و بەشداریان پێبکات لەتەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەری ناپەرژێت.

**سێهەم:** فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەوڵدەدات ئەو برە پارەیەی کە ساڵانە حکومەتی هەرێمی کوردستا لە چوارچێوەی بودجەدا بۆ پرۆژەی ڕێکخراوەکان دابینی دەکات، لە ڕێگەی لیژنەیەکی هەڵبژێردراو بەشێوەیەکی شەفاف و لەچوارچێوەی پێشبرکێیەکی دادپەروەرانەدا ببەخشێتە باشترین پرۆژەی ڕێکخراوەکان، ئەو پرۆژانەی کە لەخزمەت بەرژەوەندی گشتیدا دەبن.

**چوارەم:** فەرمانگەی ڕێکخراوە حکومییەکان هەوڵدەدات رایەڵی پەیوەندی نێوان رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و رێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان بێت، بەئاراستەی گەشەدان بەتوانای رێکخراوە ناحکومییەکان تابتوانن لەسەر پێی خۆیان بووەستن.

**پێنجەم:** فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان کاردەکات لە پێناو ئەوەی کە پەیوەندی نێوان وەزارات و دامەزراوەکانی حکومەت لەگەڵ ئەو رێکخراوە ناحکومییانەی لەبواری ئەواندا کاردەکەن پتەوتر بکات بە ئاراستەی کاری پێکەوەیی.

**شەشەم:** فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان کاردەکات لەو پێناوەدا کە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و رێکخراوە ناحکومییەکان، کاری پێکەوەی ئەنجام بدەن ئەویش لەڕێگەی کارکردن لەسەر پرۆسەی "بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی".

**حەوتەم:** فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان هەوڵدەدات لە پەیوەندی بەردەوامدا لەگەڵ رێکخراوەکان لە رێگەی کۆبوونەوەی دەوری بەرنامەی پێکەوییان هەبێت، بەشێوەیەك فەرمانگە بەردەوام لە ئاستەنگ و گرفتی رێکخراوەکان ئاگاداربێت و کار کات لەپێناو کەمکردنەوە و چارەسەرکردنیان.

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

٢٠١٣